# ئەرێکردنی لەشکرکێشی دادی ئەردۆغانی نەدا



Hiwa.Abdullah@gmail.com

دوای ئەوەی داواکاری گشتی تورکیا، دۆزێکی لەسەر داخستنی پارتی دەستەڵاتداری دادوگەشەپێدان و قەدەغەکردنی چالاکی سیاسی بۆ ماوەی پێنج ساڵ کە لە ناویاندا عەبدوڵا گولی سەرۆک کۆمار و ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیران و سەرجەم 71 کەسی بەڕێوەبەری ئەو پارتە دەگرێتەوە پێشکەش بە دۆزگەری کۆماری تورکیا کرد، پەیوەندیەکانی نێوان پارتی دادوگەشەپیدان و دەوڵەتی قوڵی تورکیا کە بەرای زۆرکەسەوە وەک بەرەی ئیسلامی و عیلمانی، یان ئیسلامی و سوپا دەناسرێن تابلۆیەکی ئاڵۆزی بەخۆیەوە بینی.

وادیارە ئەوە جاری یەکەمین نیە، پیاوە بنەرەتیەکانی تورکیا کە لە پشت پەردەوە دەوڵەت بەڕێوەدەبەن، هەڵوێستێکی وا نیشان دەدەن ئەوان تا ئێستا نزیکەی 26 پارتی سیاسی و ڕێکخراویان بە بڕیاری دۆزگەری ئەو وڵاتە داخستوە، چاودێرانی سیاسیش ئەو بڕیارانە وەک بڕیارهایەکی سیاسی نەک یاسایی لێکدەدەنەوە.

لە داوایەکەی داواکاری گشتیدا باس لە کۆمەڵێک پێشێلکاری و سنوربەزاندنی دەستەڵاتی پارتی دادوگەشەپێدان دەکرێ کە هەوڵی بنبڕکردنی دەوڵەتی سیکۆلاری کەمالی تورکیا دەدات و دەیەوێ پێوانەو نەریتەکانی ئیسلامی لە دامودەزگا سەرەکیەکانی دەوڵەتدا بەجی بکات، ئەگەرچی بەشێک لەو هەوڵانە ڕاستیش بن چاودێرانی سیاسی ئەو هەوڵەی دۆزگەری تورکیا، بە کارێکی مەترسیدار دەزانن و پێیان وایە سەرکەوتنی ئەو داوایە واتای لەسێدارەدانی دیموکراسیەتە. چونکە پارتی دادوگەشەپێدان لە هەردوو هەڵبژاردنەکانی دوایی ئەنجومەنی تورکیادا سەرکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و سەرجەم گۆڕانکاریە یاسایی و دەستوریەکانیش لە ڕێگای پەرلەمانەوە ئەنجامدراون.

ئەگەر بمانهەوێ لەو ململانێیە سیاسیانە بگەین کە لە پشتەوەی پەردەی شانۆگەریەکەدا ساز دەکرێن بەو ئەنجامە دەگەین کە پارتی دادوگەشەپێدان هەروا لە خۆیەوە گەورە نەبوو و نەگەیشت بەو ڕۆژەی

دەوڵەتی بنچینەیی تورکیا بهەژێنێ، بەڵکو ئەوە چەند هۆکارێکی تایبەت بە هەڵومەرجی ناوەوەو دەرەوەی تورکیا هەیە ئەمانەش ئەکرێ لە چەند خاڵێکدا چڕبکرێنەوە.
– کۆمەڵگەی تورکیا بە هەموو نەتەوەو ئێتنیکەکانی دیکەیەوە جگە لە نەتەوە ناموسوڵمانەکان، کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیە، ئەکرێ بووترێ کاروکردەوەو سیاسەتەکانی کۆماری بەناوسیکۆلاری تورکیا زیاتر بۆتە هۆی زەمینە خۆشکردن بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵگەیە کە هەرگیز لەگەڵ کۆمارێکی بەو شیوەیە ناگونجێ ڕقی لە ووشەو ناوو بەهاکانی سیکۆلاریزم ببێتەوەو بەرەو کاردانەوەی دژ بە عیلمانیەت هەنگاو بنێ، نمونەی بەو شێوەیە لە میسریش هەیە، هەروەها نمونەی پێچەوانەشمان لە ئێران هەیە کە کارو ڕەفتارو کارەساتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵکەکە هان دەدا نەفرەت لە ئیسلامو بەهاکانی بکەن.
– سیاسەتی کۆماری تورکیا لە ماوەی نزیکەی 80 ساڵی تەمەنیدا کە بەردەوام لە لایەن پیاوە بەناو سیکۆلارەکان و پارتە نەتەوەپەرستو، سۆسیال و ناسیۆنالیستەکان بەڕێوەبراوە نەیتوانیوە کێشە سەرەکیەکانی تورکیا وەک هەژاری، ناکۆکیە ئێتنیکی و جوگرافی و ئاینیەکان و لە سەروی هەمووشیانەوە کێشەی کورد چارەسەر بکەن، کۆماری تورکیا بە سازکردنی ناکۆکی و کێشەیەکی دروستکراو بەردەوام هەوڵی داوە خەڵکەکەی چەواشە بکات و کێشەو پێداویستیە ڕۆژانەییەکانی لەبیر بەرێتەوە، ئەوەش گەندەڵی و ناعەدالەتیەکی گەورەی لە نێوان کۆمەڵگەی تورکیا بە هەموو چینو توێژەکانیەوە سازکردوە و نوخبەیەک کە سەرباز و کارمەندی سەرەکی دەوڵەتن هەموو دەستەکەوتەکانیان لەسەرخۆیان تاپۆ کردوەو بەشێکی زۆریش لە کۆمەڵگە لە دەرەوە ماونەتەوە، ئەوەش بەردەوام ناکۆکی و دڵڕەقی دروستکردوە، ئیسلامیەکانیش توانیان ئەو هەڵە بقۆزنەوە کە پێشتر پارتو ڕێکخراوە چەپەکانی کوردو تورک بە حوکمی هەڵوێستی ئایدیۆلۆژیانە نەیانتوانیبو جێگای پێویستی خۆیان لەناو ئەو کۆمەڵگەیەدا بکەنەوە کە لە دەرەوەی دامودەزگاکانی دەوڵەت ماونەتەوە.
– دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت و ڕوخانی کۆمۆنیزم، ئەو گرنگیەی تورکیا وەک وڵاتێکی لە شێوە سەرمایەداری و سیکۆلار بایەخی جارانی بۆ ڕۆژئاوا و ئەمریکا نەما، بەتایبەتی دوای گۆڕانکاریەکانی 11ی سێپتێمبەر، پیویستی ئەمریکا بە دەستەڵاتێکی نیمچە ئیسلامی میانڕۆ لە ناوچەکەدا زیاتربوو، بۆ ئەوەش کادرە سەرەکیەکانی پارتی دادوگەشەپێدانی ئێستا بە ئەزمون وەرگرتن لە پارت و ڕێکخراوەکانی دیکەی تورکیا کە بەردەوام بە توندی ڕوبەڕوی دەوڵەت ببونەوەو لە ئەنجامدا قەدەغە کرابوون، کە لە پارتی ڕەفای قەدەغەکراو جیاببونەوە توانیان بۆ ماوەیەکی کورت ڕوبەرێکی گەورە لە کۆمەڵگەی تورکیا بە کوردیشەوە قازانج بکەن و بێنە سەر دەستەڵات.
پارتی دادوگەشەپێدان وەک سەرجەم ڕێکخراوە ئیسلامیە میانڕەوەکانی دیکەی جیهان خاوەنی مەبدەئی گۆڕانی بنچینەیی کۆمەڵگە نیە، وە پێش ئەوەی بەتەواوی پشتی خۆی قایم بکات وەک هەموو پارتەکانی دیکەی ئیسلامی دروشمی برایەتی و یەکێتی نێوان گەلانی تورکیای بەرزکردەوە کە لە ئیسلامدا پێی دەگوترێ "ئوممەیەت". بەڵام لەم دواییانەدا بینیمان بۆ ئەوەی ئەو توڕەییەی سەربازان و پیاوانی دەوڵەتی بنچینەیی بڕەوێنێتەوە لە سەرجەم پارتە دەستەڵاتدارەکانی پێشوی خۆی زیاتر دوژمنایەتی گەلی کوردی کردو، توانی هەموو شتێک تەرخان بکات بۆ ئەوەی ئەمریکا ڕازی بکات و ڕێگای پێ بدات تاکو سنوری باشوری کوردستان ببەزێنێ. پارتی داد لە سەرجەم پارتە دەستەڵاتدارەکانی پێشخۆی زیاتر هەوڵی داوە دەست وەربداتە ناو کاروباری وڵاتێکی دراوسێی وەک عیراق و بەردەوام لەگەڵ سوریا، ئێران وڵاتە عەرەبیەکانی دیکەدا لە پەیوەندی دابوە بۆ لەقاندنی ئەو دەستکەوتانەی گەلی باشوری کوردستان کە دوای ڕاپەرینی ساڵی 1991 بەدەستی خستوە. ئەو هەموو هەوڵانەی دوایی حکومەتی دادوگەشەپێدان وەک ڕێگادان بە سوپا بۆ ئەوەی ئۆپەراسیۆنێک بکاتە سەر خاکی باشوری کوردستان بەتەنیا بە مەبەستی دژ بەکوردان نەبووم، بەڵکو لە بنچینەدا هەوڵێک بوو بۆ ڕازیکردنی ئەو پیاوانەی کە لە پشت پەردەوە دەوڵەت بەڕێوە دەبەن، لە هەمان کاتدا پارتی دادو گەشەپێدان بە شیوەیەک ناڕاستەخۆ سازشی

لەگەڵ پیاوە شاراوەکانی پشت پەردەی دەوڵەت کرد و گوتی من پشتگیریتان لێ دەکەم ئۆپەراسیۆنێک لە دەرەوەی سنور ئەنجام بدەن، ئێوەش ڕێگام بدەن چەند گۆڕانکاریەک لە دەستوردا بکەم وەک ئازادکردنی پێچەک "حیجاب" لە هەندێک دامودەزگای تورکیادا کە پێشتر قەدەغە بوو. بەڵام ئەوە لە دوو لاوە زیانی بە پارتی ناوبراو گەیاند، یەکەمیان ئەو پارتە دڵی ئەو کوردانەی لە خۆی ساردکردەوە کە پێشتر دەنگیان بۆ دابوو، دوەمیان بازرگانی کردن بە کارتی کوردی لە نێوان ئەوان و سوپای تورکیادا دادی نەدان.

قەدەغەکردنی پارتی داد و گەشەپێدان تورکیا بەرەو کوێ ئەبات؟

کەمالیزم کە سیستەمێکی ئایدیۆلۆژیە هەروەک سەرجەم سیستەمەکانی نازیزم، بەعسیزم و کۆمۆنیزم لە جیهانی ئەمڕۆماندا باوی نەماوەو جگە لە سەرئێشەو گەڕانەوە بۆ دواوە هیچی دیکەی لێ شین نابێ، ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژانی تەمەنی خۆیدا زیاتر لە مەرگ نزیک بۆتەوە. هەوڵی دوایی داواکاری گشتی نیشانەی شڕوپەککەوتەیی و پەلەقاژەی ئەو سیستەمە بە ئاشکرا دەردەخا، هەرچەندە زەحمەتە ئەو هەوڵە سەربکەوێ بەڵام ئەگەر سەریشکەوت، ئەوا تورکیا بەتەواوی ئەبێتە وڵاتێکی پەراوێزکراو لە لایەن ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپاوە، چونکە ئەوڕۆ ئەوروپاو ئەمریکا پارتی دادو گەشەپێدان بە نزیکترین هێزی خۆیان بەبینن کە ئاسانکاری دەکات بۆ لەیەکتر تێگەیشتنی نێوان تورکیا لەگەڵ ئەمریکا و ئەوروپا، هەروەها ئەو جێبەجێ کردنی داواکانی داواکاری گشتی تورکیا ئەگەری ئەوەشی لێ دەکەوێتەوە لە ناوخۆی تورکیادا ئیسلامی ڕادیکاڵ ساز ببی و رەوایەتی بە توندوتیژی ئیسلامی بدرێ، ئەوەش پێچەوانەی سیاسەتی ئەوروپا و ئەمریکایە، چونکە ئەوان دەیانەوێ دەستەڵاتی ئیسلامی میانڕۆ بکەنە نمونەیەک بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ڕێگای ئەوەوە شەڕی ئیسلامی ڕادیکاڵ بکەن. بۆیە هەو وا ئاسان نیە لە جیهانی ئەمڕۆماندا کەمالیەکان هەڵسن پارتێک لە بە زۆرینەی دەنگی خەڵکەکەی هاتۆتە سەر دەستەڵات و سەرۆک کۆماری و حکومەتی بەدەستە لە ماوەی شەوو ڕۆژێکدا لەسەر کارەکەی لایبەرن، بۆیە پێدەچێ ئەوە بەتەنیا هەوڵێک بێ بۆ چاوترساندنی ئەو پارتەو ڕێگە گرتن لە داخوازیەکانیان بۆ گۆڕینی دەستوری بنچینەیی بە شێوەیەکی ڕادیکاڵانە و نەگونجانیان لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو دەزگاو دامەزراوانەی کە 80 ساڵە دەوڵەت لە پشت پەردەوە بەڕێوە دەبەن.

**هیوا عەبدوڵا– بەلجیکا**